**هادی ئەمین . سەرنوسەری پێشووی سایتی چاوی خەڵک لە ڕێکخراویP.D.A**

بەداخەوە لەمانگی رابردوودا ٨٠٠ نوسخەی تازە لەکۆی هەزار نوسخەی توێژینەوەی (راگەیاندنی سەربەخۆ لەهەرێمی کوردستان..) سوتێندرا، لەلایەن رێکخراوی کۆمەڵەی خەڵک بۆگەشەپێدانP.D.A ، هەروەها ستافێکی میدیایی ئەو رێکخراوەش کە بۆ ماوەی سێ ساڵ سەرنوسەری سایتی چاوی خەڵک بوو، کارەکەی لەدەستدا لەبەرئەوەی رەخنەی گرتو هەڵوێستو نارەزایی دەربڕی بەرامبەر بەسوتاندنی نوسخەکانی ئەو توێژینەوەیە؟! (هەر کەس بیەویت بەڵگەکانی ئەم پرسەی بۆ دەنێرین(

توێژینەوەکە لەساڵی ٢٠٠٧دا، لەلایەن رێکخراوی P.D.A بەهاوکاری رێکخراوی N.P.A ئەنجامدراوە، لەو توێژینەوەیەدا راپرسی کراوە لەگەڵ ١٤٥٢ رۆژنامەنووس لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانداو راکانیان بەشێوەیەکی زانستی لە دووتوێی ئەو توێژینەوەیەدا خرابوونەڕوو.

کارە مەیدانیو تیۆرییەکانی توێژینەوەکە نزیکەی دووساڵی پێچووە، بەتیمێکی نۆ کەسیو سەرپەرشتیاری زانستی توێژینەوەکە کراوە لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان، پاش تەواوبوونی لەساڵی ٢٠٠٩دا چاپکراوەو ژمارەی سپاردنی بریتیە لە ١٦٣٣ی ساڵی ٢٠٠٩.

توێژینەوەکە بە تیراژی هەزار دانە چاپکرا، بەقەبارەی ١٠٠ لاپەڕەی ئەیفۆر، بەڵام تەنها دووسەد نوسخەی لێ دابەشکرا، ٨٠٠ نوسخەی کە مابووەوە لەمەخزەنی رێکخراویP.D.A ، لەمانگی رابردوودا سوتێندران لەناوچەی تانجەرۆی سلێمانی، ئەویش بە بڕیارێکی دەستەی تەنفیزی رێکخراوەکە؟ !

چاپی هەر نوسخەیەک لەو توێژینەوەیە نزیکەی سێ دۆلاری تێچوبوو، واتە تەنها کۆی تێچوونی چاپی ئەو هەشتسەد نوسخەیە ٢٤٠٠ دۆلار بوو، ئەوە جگە لەوەی کە بۆماوەی نزیکەی دووساڵ تیمێکی نۆ کەسیو سەرپەرشتیاری زانستی لەو پرۆژەیەدا کاریان کردووە.

دوای ئەوەی دەستەی تەنفیزی رێکخراوی P.D.A نوسخەکانی توێژینەوەکەیان سوتاند، لەهەڵوێستێکی "مەدەنیو دیموکراتییانەدا" بە نوسراوی رەسمی کارمەندێکی رێکخراوەکەشیان لەسەر کارەکەی دوورخستەوە، ئەویش لەبەرئەوەی کە نارەزایی دەربڕی بەرامبەر بە سوتاندنی نوسخەکانی توێژنەوەکە؟! (وینەی ئەم نوسراوەش لەبەردەستدایە بۆ هەر لایەنێک بیەوێت(

ئەو کارمەندەی کە بەهۆی دەربڕینی ناڕەزایی کارەکەی لەدەستدا، بۆماوەی سێ ساڵ کارمەندی ڕێکخراوەکەو سەرنوسەری سایتی چاوی خەڵک بوو، کە ئەو سایتە یەکێکە لە پرۆژەکانی ڕێکخراوەکە.

سوتاندنی ٨٠٠ نوسخە توێژینەوەی میدیا، کێشەیەکی ڕێکخراوەیی‌و میدیاییە،و زۆر بێ مانایە، لەوەش بێماناتر ئەوەیە کە ستافێکی ڕێکخراوێک کارەکەی لەدەست بدات لەبەرئەوەی ناڕەزایی دەربڕیوە، بەراستی ئەوەش پرسیار زۆر هەڵدەگرێت.

ئایا ئەکرێت ڕێکخراوێک ٨٠٠ نوسخە توێژینەوە بسوتێنێت بە بیانووی ئەوەی دوو ساڵە لە مەخزەن دانراوە؟ ئەی بۆ لەمەخزەن دانراوەو بۆ دابەشی نەکردووە؟

)دەبوایە ڕێکخراوی دۆنەر، بەهۆی ڕاپۆرتی سەرپەرشتی‌و مۆنیتەری خۆیەوە بەوەی بزانیایە، کە ئەو توێژینەوانە دوو ساڵە لە مەخزەنی ڕێکخراوەکەیەو دابەشنەکراوە؟(!

دەکرا بەدواداچوون بکرێت بۆئەوەی بزانرێت کێ بەرپرسە لەمانەوەی توێژینەوەکەو سزابدرێت، نەک توێژینەوەکان بسوتێنێت.

ئاخر خۆ توێژینەوەکە موڵکی تاکە کەسێک نەبووە، تا بسوتێندرێت، موڵکی گشتی‌و ڕۆژنامەنوسان بوو، چونکە بوجەی ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی تیاسەرفکرا، ڕێکخراوەکە بوجەی وەرگرتووە بە پاساوی خزمەتکردن‌و گەشەپێدانی کۆمەڵ‌و پێشکەشکردنی بەرهەم بە کۆمەڵگا، ئیتر چۆن دەکرێت بەرهەمەکە بسوتێنێت.

سوتاندنی نوسخەکانی ئەو توێژنەوەیە، وەک ئەوە وایە، کاتێک لەکۆمەڵگاکەماندا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی ئافرەتان‌و ژنان دەبێتەوە، لەبری ئەوەی بچن چارەسەری گونجاوی کێشەکە بکەن، دەچن ئافرەتەکە دەکوژن یان دەیسوتێنن.. ئاخر ئێستا ئەم عەقڵیەتە هاتووەتە ناو ڕێکخراوەی مەدەنییەوە، لەبری ئەوەی کێشەی دابەشنەکردنی توێژینەوکە چارەسەربکات، دەچێت توێژینەوەکە دەسوتێنێت .

ئەمە چ عەقڵیەتێکە، لەکوێی دونیا کتێبی مێژووی سوتێندراوە؟ لە کوێی دونیا توێژینەوەی زانستی سوتێندراوە؟ مەگەر لە زەمانی مەغول‌و هۆلاکۆ کتێب ستونێندرابێت، ئایا ئێمە لە چ زەمەنێک دەژین، تا توێژینەوە بسوتێنیت؟

ئەویش توێژینەوەیەک کە بەدوو ساڵ‌و بە تیمێکی نۆ کەسی ئەنجامدرابێت لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان‌و تیادا ١٤٥٢ ڕۆژنامەنوس ڕاپرسی لەگەڵ کرابێت..

ئەگەر سوتاندنی نوسخەکانی ئەو توێژنەوەیە لە وڵاتێکی پێشکەوتوو بوایەە، ئەوا سەرجەم ئەوانەی بڕیاری سوتاندنیان داوە، داوای لێبوردنیان دەکردو راستەوخۆ دەستیان لەکار دەکێشایەوە، بەڵام لێرە کەوتونەتە پاساوی منالانەو دەرکردنی کارمەند، تا خۆیان بهێڵنەوەو ئەو دۆلارانەیان لەکیس نەچێت کە مانگانە وەریدەگرن.

درۆ بەدوای درۆ و پاساو لەدوای پاساو دەیکەن بۆ پەردەپۆشی ئەو کارەیان، (هەر کەس داوای بەڵگەکانی کرد، دەتوانین بەڵگەکانو ئیمەیڵی پاساو دوای پاساویان بۆ بنێرین(.

چەند ناشرینە بە درۆو پاساوی منالانە پەردەپۆشی کاری سوتاندی توێژینەوەکان بکرێت.. ئەمەش وەک ئەو چیرۆکە وایە کە دەگێڕنەوە: رۆژێک راستیو درۆ لەبەرگی مرۆڤدا دەگەن بەیەکتر، درۆ داوا لە راستی دەکات کە فێری مەلەی بکات، بەڵام راستی نازانێت کە ئەوە درۆیە، بۆیە متمانەی پێ دەکات، بڕیاردەدات فێری مەلەی بکات،

هەردووکیان جلەکانیان دادەکەنو دەچنە ناو دەریاچەیەکەوە بۆئەوەی فێری مەلەی بکات، دوای ئەوەی شێوازو تەکنیکەکانی مەلەکردن فێری درۆ دەکات، درۆ دوای ئەوەی فیچری مەلەکردن دەبێت، زووترو خێراتر لە ئاوەکە دێتە دەرەوەو جلەکانی راستی لەبەردەکاتو ڕادەکات... راستیش دەڵێت کورە مەڕۆ ئەوانەی لەبەرتکرد جلی منە، فێڵً و خیانەت مەکە.

ئەم بابەتی سوتاندنی توێژینەوەیە زۆر لەو چیرۆکەوە نزیکە، ئێستا درۆ جلی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبەردایەو هەرجارەی پاساوێک دێنێتەوە بۆ پەردەپۆشی کارە نامەدەنییەکەی، ئێستا درۆ بەرگی بەڕێوبەری پرۆژەی میدیاو پرۆژەی ژنانی لەبەردایە.

وا دەزانن بەدەرکردنی کارمەندو ریزکردنی پاساوی مندالانەو درۆکردن دەتوانن پەردەپۆشی کارە نامەدەنییەکەیان بکەن، نازانن کە بەڵگەکان هەن، هەروەها شاهیدەکان هەن ئەوانەی کە توێژینەوەکانیان بەوان سوتاند، کە ئەگەر نەترسێندرێن، ئەوا بەرگی درۆیان لەبەر دادەکەنن.

چەند ناشرینە بە درۆکردنو دەرکردنی کارمەند بتەویت پارێزگاری لە موچەکەت بکەیت؟!

سوتاندنی نوسخەکانی توێژینەوەکە پەلەیەکی ناشرینە بەسەر رەوشی میدیاو کاری رێکخراوەیی لە هەرێمی کوردستان، دەشێت بپرسین، چۆن رێکخراوێک دێت ٨٠٠ نوسخە لەکۆی هەزار نوسخەی توێژینەوەیەکی خۆی دەسوتێنێت، ئەم بەهەدەردانە لەپای چی؟

بەهەدەردانی ئەو پارەیەی لەو توێژینەوەیەدا سەرفکراوە، بەهەدەردانی جوهدی ئەو هەموو ستافەی لەو توێژینەوەدا کاریان کردووو ماندووبوون؟

دەپرسین: بۆچی ڕێکخراوێکی ناوخۆیی پارە لە ڕێکخراوی بیانی وەربگرێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەو پێشکەشکردنی بەرهەم بە کۆمەڵگە، بەڵام دواتر بەرهەمو پرۆژەکەی بسوتێنیت... بەراستی ئەمە نیشانەی پرسیارو سەرسورمانە.. ئایا تەنها مەبەست وەرگرتنی پارەکەیەو بەس؟! ئیتر کێشە نیە با بەرهەمو پرۆژەکە بچێت بۆ زبڵدانی تانجەرۆ؟!

جێی خۆیەتی بپرسین: بۆچی لەم وڵاتەدا ڕێکخراوی ناوخۆیی گەیشتوەتە ئەو ئاستەی کە بەرهەمو توێژینەوەکانی خۆی بسوتێنیتو ئامادەش بێت ستافی ڕەخنەگر لەسەر کارەکەی دووربخاتەوە؟؟!!

سوتاندنی توێژینەوەکانو دوورخستنەوەی ستافی میدیای ڕێکخراوەکە دوو پێشێلکاریی بواری ڕێکخراوەییو میدیاییە لە هەرێمی کوردستان.

داواکارین مەحکومی ئەم دوو کارە نامەدەنییەی بەرپرسانی ڕێکخراوی P.D.A بکەن.

هەر لایەنێک دەیەوێت زانیاری زیاتر لەسەر ئەم پرسە وەربگرێت، ئەوا بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەو ئیمەیڵو نوسراوەکانی پەیوەست بەم پرسە دەتوانیت پەیوەندی بکات بەم ناونیشانانەی خوارەوە:

Hadi.ameen@gmail.com

ژمارەی مۆبایل: ٠٧٧٠٢٢٠١٨٩٨

**وێنەی هاوپێچ بریتیە لە بەرگی توێژینەوە سوتاوەکە.**